www.kurdistannet.org
28-10-2006 9:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا رۆژنامەی ئاسۆ دەبێتە رۆژانە

دامەزراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن بەمزوانە رۆژنامەی ئاسۆ دەکاتە رۆژانە، هەروا هەفتەنامەیەك بە زمانی تورکمانی و گۆڤارێك بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەکات.

مەهدی ئەبوبەکر ئەندامی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دامەزاروەی خەندان و جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی ئاسۆ رایگەیاند دامەزاروەی خەندان لە چوارچێوەی بەرنامەی نوێی کارکردنیدا لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا رۆژنامەی ئاسۆ دەکاتە رۆژانە و لە هەفتەیەکدا شەش ژمارەی 16 لاپەڕەیی لێدەردەچێت لەگەڵ ژمارەیەك پاشکۆی تایبەت بە گەنجان، خێزان، ئەدەب و هونەر، تەکنەلۆژیا، هەمەرەنگ و ئابووری. جگە لەوەش هەفتەنامەیەك بە زمانی تورکمانی و گۆڤارێك بە زمانی عەرەبی دەردەکات.

وتیشی لە قۆناغی نوێدا ژمارەیەك نووسەر و روناکبیری کورد لە ناوەو دەرەوەی کوردستان وچەند روناکبیرێکی عەرەب وبیانیی بە نووسین وراوێژ و بەشداری هەمەچەشن هاوکاری ئاسۆ دەکەن.

جێی ئاماژە بۆ کردنە دامەزراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن ساڵی 2004 دامەزراوە و لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا جگە لە دەرکردنی رۆژنامەی ئاسۆ کە تاکو ئێستا هەفتەی سی ژمارەی لێدەردەچێت، ماوەیەکیش رۆژنامەی (الولایە) ی بە زمانی عەرەبی دەرکردووە لەگەڵ چاپکردنی ژمارەیەك کتێب.